# کارتی گەشتی نوێ
# - هەلی نوێ بۆ گەشتکردن

**لە 1 تشرینی یەکەمی 2016** Sörmlandstrafiken سیستمێکی بلیت و پارەدانی نوێ دێنێتە کایەوە. سیستمەکە بە واتای چەندین چاکسازی هۆشمەندانەی نوێیە بۆ سەرنشینەکانمان. هەروەها بریتیە لە چەند گۆڕانکاریەک لە چۆنێتی سەفەرکردنی تۆ، چۆنێتی کڕینی بلیتەکان لەلایەن تۆوە، و دەبێت چەند پارە بدەیت بۆ گەشتەکەت.




زۆنەکان دەسنیشانی ئەوە دەکەن کە هەتا ماوەی چەند دوور دەتوانیت بە بلیتەکەت گەشت بکەیت، و گەشتەکە بایی چەندە.

## سوودەکانی کارتی گەشت و لاپەڕەکانی من (Mina sidor)

کارتێکی گەشتکردن بکڕە و بە بلیتی ماوەیی یان بودجەی گەشتکردن (Reskassan) یان بە هەردووکیان پڕی بکەرەوە. بودجەی گەشتکردن (Reskassan) ڕێگایەکی نوێی ئاسانە بۆ پڕکردنەوەی کارتەکەت لەرێگەی لاپەڕەکانی من (Mina sidor). تۆ تەنانەت دەتوانیت بڕەکانی وەک 100 کرۆن (100، 200، 300، هتد کرۆنی سویدی) پڕ بکەیتەوە و پاشان پارەی بلیتەکەت کاتێک سواری ئوتومبێلەکە دەبیت لەو بودجانە بدەیت.

لەگەڵ بودجەی گەشتکردن، دەتوانیت هەرکاتێک و بۆ هەر کوێیەک لە سەرانسەری وڵاتدا گەشت بکەیت. دەتوانیت لە بازاڕی ئێمە لە وێستگەی ناوەندی ئێسکیلستونا (Eskilstuna)، یان لە یەکێک لە بریکارەکانمان کارتێکی گەشتکردن بکڕیت (دەتوانرێت ناونیشانی بریکارەکان لەسەر وێبسایتەکەمان بدۆزرێتەوە).

## خۆتۆمارکردن لە لاپەڕەکانی من (Mina sidor)

خۆت و کارتەکەت لەسەر لاپەڕەکانی من (Mina sidor) تۆمار بکە بۆ دەستگەیشتن بە سوودی زیاتریش. ئەمە خۆڕاییە و پرۆسەیەکی زۆر خێرایە. بڕۆ بۆ **sormlandstrafiken.se** و راستەوخۆ دەستپێبکە!

### 1. کارتی گەشتت بە سەرهێڵ پڕ بکەرەوە

کاتێک لەسەر لاپەڕەکانی من (Mina sidor) خۆت تۆمار دەکەیت، هەنگاوی دواتر بریتیە لە گرێدانی کارتی گەشتی تۆ بە ئەژمێرەکەتەوە. کاتێک کارتەکە لەسەر لاپەڕەکانی من (Mina sidor) تۆمار دەکرێت، دەتوانیت دەسبەجێ بە سەرهێڵ پڕی بکەیتەوە، هەر کاتێک بتەوێت و بە هەر بەرهەمێک یان بە بودجەی گەشتکردن. هەروەها دەتوانیت بالانسی کارتەکەت و مێژووەکەی ببینیت.

### 2. زەمانەتی لەدەستدان

کارتێکی تۆمارکراو لەسەر لاپەڕەکانی من (Mina sidor) لەلایەن زەمانەتی لەدەستدان ی ئێمەوە بە خودکار داپۆشراوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تۆ دەتوانیت دەستگەیشتنت بە بالانسی خۆت هەبێت تەنانەت ئەگەر کارتی گەشتکردنەکەشت لەدەست بدەیت. تۆ خۆت کارتەکەی خۆت بەربەست دەکەیت، و پەیوەندیمان پێوە بکە بۆ وەرگرتنی کارتێکی نوێ کە هەموو بەرهەمەکانی تۆی لەخۆگرتووە. تۆ تەنها پارەی تێچوونی کارتێکی نوێ دەدەیت، کە بریتیە لە 20 کرۆنی سویدی.

### 3. یەک ئەژمێر - چەندین کارتی گەشتکردن

تۆ دەتوانیت لەسەر لاپەڕەکانی من (Mina sidor) چەندین کارتی گەشتکردن بە ئەژمێرەکەتەوە گرێ ببەستیت. هەروەها دەتوانیت ناوی جیاواز لە کارتەکان بنێیت بۆ ئەوەی بە جیا هەڵیان بگریت. تۆمارکردنی کارتەکەت لەسەر لاپەڕەکانی من (Mina sidor) ڕێگایەکی ئاسانە بۆ بەڕێوەبردنی چەندین کارت لە یەک جێگەدا.

### دەتەوێت بلیتی یەک سەرە بکڕیت؟

لەگەڵ بلیتی گەڕۆک، پێویستت بە کارتی گەشتکردن نابێت و پێویستت بە تۆمارکردن نابێت لەسەر لاپەڕەکانی من (Mina sidor). کاربەرنامەکە دابگرە بۆ سەر تەلەفۆنە هۆشمەندەکەت و راستەوخۆ بلیتەکان لە تەلەفۆنەکەتەوە بکڕە.

## پەیوەندیمان پێوە بکە

ئیمەیڵ: kundservice@sormlandstrafiken.se
تەلەفۆن: 0771-22 40 00
سەردانمان بکە: Station360, Centralplan, Eskilstuna
هەروەها دەتوانیت زانیاریی زیاتر بەدەست بێنیت لە ماڵپەڕی
sormlandstrafiken.se

SÖRMLANDS TRAFIKEN